وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 4523
ڕێکەوت : 22 / 11 / 2023

---

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ ژمارە (GP- 24- 2023) تەندەری پرۆژەی( دابینکردنی خواردنی بەندی یەکانی بەشی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان)**

**کەمکردنەوەی نهێنی/ بانگهێشتی کراوە**

ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەر ی پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان) لە سەر بودجەی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بۆ ساڵی (2024) خەرج دەکرێت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر. ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (یەک ) ساڵ ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( پێنج شەممە 23 /11 /2023)ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (یەک شەممە 10 / 12 / 2023) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 120,000) سەد وبیست هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (چوار شەممە 13 / 12 / 2023) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری ئەکەن،پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**